# یادێك لە ئاسۆدا

هاوڕێیان
پێش ئەوەی نەمامی پیرۆزیی
لە كێڵگەی دڵتانا , یەك بە یەك بڕوێنم
پێش ئەوەی
باڵندەی ووشەكان بەردەم و
ساماڵی ئەو بیرە گەشەتان بدوێنم
ڕێگەم بەن بچینە ئەو بێشەی یادەوە و
بۆ تاوێك بە ڕوومان , لە ڕوویان گوڵ بگرین
بچینە دەریاچەی قریوەی منداڵ و
شەپۆلی پێكەنین بۆ لێومان دابگرین
ڕێگەم بەن ئەو شەوەی شۆڕشی تیا كرا
بە ڕۆژی هەڵاتووی جیهانی ناو بنێم
گورزەیەك لەو تیشكەی هەتاوی ئومێدیان
بێنم و لەم شەوی ڕۆژەمان دای بنێم
ڕێگەم بەن لەو گڕەی , بڵێسەی نەوەستا
تاریكی لە ژووری دەروونمان دەر بكەم
هەڵمێك بم لە هەوری ووتافی ئەوان و
بارانی شیعرێكتان لێرە بۆ دابكەم
هاوڕێیان
پێش ئەوەی كارگەران لە ڕوسیا
" لینین " و حزبەكەی , وەك ڕابەر بناسن
پێش ئەوەی مەینەتیی , بە پەتی هەڵمەتی
خۆیانا , لە كۆشكی "كرەملین " هەڵواسن
پێش ئەوەی كەرەنتوو بەردەنە خەوتن و
ڕووباری ئاگرەكەی نێو دەنگیان ڕێ بكات
پێش ئەوەی
ئەو كۆلكە زێڕیینە بە شەوقی
نووسینی , بۆشایی نێو دڵیان پڕ بكات
لەوێ ڕا

بە تەنیا فرمێسکی درشت بوو
جڵەوی چاوانی ، هەمیشە بە دەست بوو
لەوێ را
بەس ڕەنگی زەعفەران لە سیمای
ئەو خەڵکەی بێ نان بوو ،
هات و چۆی سەربەست بوو
لەو ڕوسیا بەریینە هەر خوێنی هەژار بوو
وەك ئاوی هەورەکان ئەڕژایە سەر زەوی
هەر ئاڵای ئومێدی ڕەنگین بوو
لە بەردەم
هێرشی جەندرمەی قەیسەرا ئەنەوی
لەو ڕوسیا بەریینە
برسێتی وەك سەرما و
جلی شڕ
لە ماڵی کارگەرا پاڵ ئەکەوت
برسێتی وەك دەستە شوومەکەی " قەیسەر " ی
تەنانەت لە دووتوێی هەناسەش دەر ئەکەوت
لەو ڕوسیا بەریینە ، بەفرەکەی " سیبریا " و
ئازاری دەروونی چەوساوە ، یەکێ بوو
بەهاکەی مرۆڤی ڕەنجکێش و بارییني
بارانی سەر گەنمی دووراوە ، یەکێ بوو
کەس نەبوو پەنگری ووشەیەك بنێتە
پریاسکەی بیستنی خەڵکەوە و ،
زیندان و ئەشکەنجە و جەللادیش نەبینێ
کەس نەبوو ئازادی داوا کاو دوای ئەوە
جارێ تر لە بەردەم
ئاوێنەی ژوورەکەی وێنەی خۆی ببینێ
فەرمانی قەیسەر بوو
دەبوایە زوانەکان ، زیندان بن بۆ ووشە
دەبوایە بیرەکان نەبار و نەزۆك بن

هەرچەندە بەرزیش بن
بۆ خواستی کرێکار نەکەونە پرووشە
فەرمانی قەیسەر بوو
دەبوایە ئەوانەی کە داوای نان ئەکەن
بە ئاگری تفەنگی ئەماندا تێپەڕن
دەبوایە جەندرمە , ڕۆژانە ئەوانەی
کە تینووی گۆڕینی کۆمەڵگان , سەربڕن
هاوڕێیان
کارگەران نەیانویست هەر ئاوا
زامداری شەڕێك بن
بە کۆمەڵ برینی کۆن و نوێ هەڵگرن
نەیانویست درەختی یادێکی دێرین بن
هەر ئاوا هەمیشە بەرهەمی تاڵ بگرن
کارگەران نەیانویست سینەیان پێدەشت بێ
بروسکەی غەمەکان دانیشن لە ناویا
نەیانویست خۆرێکی کوژاوەی وولآت بن
تاریکی بە لێشاو داباریێ بە سەریا
هاوڕێیان
ڕۆژێکی ئاوا بوو لە ڕوسیا
چی ماڵ بوو دەرگایان خرایە سەر پشت و
چی شار بوو شەقامیان کرایە ئاگردان
چی دەنگی تووڕە بوو , چوونە پاڵ یەکتر و
چی چەکی دوژمنیش لەوێ بوون , دامرکان
* * *

بژار 1998-10-31
ڤانکوڤەر-کەنەدا